# بەختەوەری راستەقینە

[ كردي – كوردی – kurdish ]

یاسین ئەحمەد زەنگەنە

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# السعادة الحقيقية

« باللغة الكردية »


ياسين أحمد زنكنة

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2013 - 1434

IslamHouse.com

# بەختەوەری راستەقینە

گەر بەوردی برِوانینە چەمکی راستەقینەی بەختەوەری بۆمان دەردەکەویێت کەبەختەوەری لەخودی ئەو شتانەی بۆمان فەراهەم هاتوون نایەتەدی، بەڵکو لەئەنجامی کارلێککردنی شتەکان و ئاستی کاریگەرییان لەسەردڵ و دەروون دێتەدی.

کەواتە بەختەوەری لەناخی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت، هەرکاریگەرێتی ناخە تیاماندا رەنگدەداتەوە، ئەمەو لایەنی دەرەوەش ملکەچە بۆ لایەنی ناوەوەی مرۆڤ، واتە بەختەوەری بیرۆکەیەکە لەناخەوە هەڵدەقوڵێو هەستێکە ولەقوڵایی ناخەوە دەردەچێت .بەختەوەری بارێکی دەروونی هەستییە لەگونجانی ناوەوەی مرۆڤەوە هەڵدەقولێت، بەختەوەری هەستکردنە بەهاوسەنگی، کاتێك دێت لایەنی ناوەوە زاڵ بێت،بەلاّم هەڵدێت کاتێك پێچەوانەکەی روو بدات، ئەمەش بارێکی تایبەتە بەشێوازی جیاواز لەهەموو مرۆڤەکاندا رەنگدەداتەوە.

خەمباری لەو ساتە وەختەوە دەست پێ دەکات کە مرۆڤ زاڵ نەبێت بەسەرناخی خۆیدا، سەربازێکی جەنگاوەر لەکاتێکدا برِوای بە رەوایی کێشەکەی هەیە و لە پێناویدا دەجەنگێ، بەختەوەرە بە جێبەجێ کردنی ئەرکە سەربازییەکانی، سەرەرِای

ئەو فیشەك و تۆپ و موشەکانەی کەبەسەریدا دەبارێت و بەدەوروبەریدا دەتەقێتەوە، سەرەڕای کەمی خواردن وخواردنەوەو نارِەحەتیی مەیدانی جەنگ و، ژیانی نێومەتەرێزو سەنگەر، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەست بە ڕەزامەندی دەرونی دەکات، توانایەکی زۆری هەیە بۆ بەرگەگرتنی ناڕەحەتیەکان، چونکە لە ناخی خۆیدا وای دەبینێتەوە کەلە پێناوی کێشەیەکی ڕەوادا دەجەنگێ.

دایکێك لە پێناوی چاودێری کردنی منداڵە نەخۆشەکەیدا شەونخونی دەکێشێت، بەختەوەرە سەرەڕایی شەونخونی ونارِەحەتی، کاتێك کۆرپەکەی چاك دەبێتەوە زیاتر هەست بە بەختەوەری ورەزامەندی دەکات، بەئەندازەیەك وەسف ناکرێت. هەست و سۆزو تامەزرۆیی دای دەگرێت چونکە هەست دەکات دوای ئەو ماندوبون وشەکەتییەی منداڵەکەی بەسەلامەتی گەڕاوەتەوە.

کەسانێك، بەرەو پەتی سێدارە ڕۆشتن، سەربەرزانەو دامەزراوو دەم بەخەندە، لە کاتێکدا لەدوی چەند هەنگاوو چرکە ساتێکدا مەرگ لەئامێزیان دەگرێت، چەندین تێکۆشەر ئەم هەلانەی قۆستۆتەوە بۆ گەیاندنی پەیامە ڕەواکەیان وئامۆژگاری کردنی جەلادەکانیان، یان لۆمە و سەرزەنشتکردنیان، ئەم تێکۆشەرانە بڕوایان بە ڕەوایی کێشەکەیان هەیە، وە چونیان بەرەو تەختی

لەسێدارەدان بە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیان دەزانن تا پلەی فیداکاری و بەرخوودان.

هەرکات مرۆڤ بڕوای بە ڕەوایی کێشەکە ی هەبێت ئەوا هەست بەبەختەوەری دەکات، تەنانەت لە ناخۆشترین و ناڕەحەترین هەڵویست وهەلو مەرجدا، مرۆڤ لە توانایدایە بەرگەی ناخۆشترین ئێش و ئازار بگرێت، کاتێك رازی بێت بەو کارەی کە دەیکات، قەناعەتی بەو هۆکارانە هەبێت کە بەرەو ئەو ئاراستەیەی بردووە.

بەختەوەری هاوواتای خۆشی و، خەندەو پێکەنین نییە، هەروەك چۆن خەمباری هاوواتای گریان و رۆڕۆ نییە، دەبینیت کەسێك دەگری لەحاڵەتێکدا هەست بەخۆشی وبەختەوەری دەکات، هەروەك چۆن کەسێك پێ دەکەنێت بەهۆی ئەو بەڵاو ناڕەحەتیەی کە توشی بووە، هەروەك عەرەب دەڵێت (شر البلیة ما یضحك ) .

کۆی پەیوەندییەکانی مرۆڤ لەسێ بواردا بەرجەستەدەبێت، پەیوەندی مرۆڤ بەپەروەردگارەوە، پەیوەندی مرۆڤ بەخودی خۆیەوە، پەیوەندی مرۆڤ بەدەورووبەریەوە، بەختەوەری راستەقینە خۆی لەشیکارکردنی ئەم سێ هاوکێشەدا دەبینێتەوە بەشێوەیەکی هاوسەنگ و میانەیی. کاتێکیش ئەم هاوکێشانە بەهەڵە شیکاربکرێت وشیرازەکان تێکبچن خەمباری وکڵوڵی مرۆڤ دەگرێتەوە.

گەردەتەوێت بەختەوەر بیت دەبێت خاوەن پەیامێکی شکۆداربیت ولەمیانەیەوە بەرێگای راست ورەوادا برِۆیت، ئەوکات بەربەستەکان دڵتەنگت ناکات، دەرەنجامەکانیش هەرچیەك بن هەرسەرکەوتن هاوەڵت دەبێت.

لەکۆتادادەڵێین بەختەوەری راستەقینەو هەمیشەیی کەس پێی ناگات وپێی شاد نابێت، تەنها ئەوانەی خوایان ناسیوەو شوێنی پەیام ورێبازەکەی کەوتوون، خوای گەورەش بەختەوەرییان پێی دەبەخشێت هەروەك فەرموویەتی:﴿مَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً ۖ وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُمْ بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ [النحل:٩٧].

واتە: هەرکەس لەنێر یان لە مێ کردەوەی چاکی کردبێ وبڕواداریش بوو بێت ئەوە سوێند بەخوا بە ژیانێکی خۆش دەیان ژیەنین وسوێند بێ پاداشتیان دەدەینەوە بە چاکتر لەوەی کە ئەوان دەیانکرد.